کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-10-2007 21:42بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئافرەت و شەرەف ... کارزان گلی

هەر کاتێك دەبینم ئافرەتەکانی وڵاتم بەبەرچاوی منەوە دەکوژرێن و منیش هیچم پێناکرێت، لە



فرمێسك ڕشتن زیاتر، ئەوکات خۆم بەتاوانبار دەزانم بەرامبەر بەهەموو ئەو ئافرەتانەی دەبنە قوربانی، لێ تەنها لەرێگای ڕۆژنامە و سایتەکانەوە وەکو هەموو نووسەرەکانی تر قسەی زلیان پیا هەڵدەڵێم. کاتێك دەبینم ئافرەتانی وڵاتم بەبەرچاوی وەزارەتی مافی مرۆڤ دەکوژرێن، ئەوکات لە هەموو ئەو مافانەی بە منالی خەونم پێوە دەبینی پاشەکشێ دەکەمەوە و لە مرۆڤ بوونی خۆم بەگومان دەبم. ئەو کاتانەی لە ڕۆژنامەیەکدا هەواڵی کوشتنی ئافرەتێك دەخوێنمەوە کە تەنها لەبەر ئەوەی خۆشەویستی کردووە زیندە بەچاڵی دەکەن، ئەوکات هەست دەکەم ئێرە وڵاتی خۆشەویستی نییە، بەڵکو وڵاتی کوشتنی خۆشەویستییە، چونکە هەر وڵاتێك ئافرەت و خۆشەویستی تێدا مرد ژیانیشی تێدا دەمرێت. چۆن بەهار بەبێ گوڵ و سەوزایی مانای بەهاری نامێنێت، ژیانیش بەبێ ئافرەت و خۆشەویستی مانای ژیانی نامێنێت. لە هەر کۆمەڵگایەکی دوا کەوتوو و کۆنە پەرست ئافرەت داوای مافی خۆی بکات یاخود هاوشانی پیاو بیربکاتەوە بە کوفر و چاوێکی کوێرانە تێی دەڕوانن و دەرگای بیرکردنەوە و شکاندنی کۆت و زنجیریان لێ دەگرن. بەچاوی خۆشمان دەبینین لە وڵاتە دواکەوتووەکان چۆن تا سەر ئێسکان مافی ئافرەت خوراوە لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، بەتایبەت لە ڕۆژهەلات. هەمیشەش ئەو وڵاتانەی ڕۆژانە ئافرەتی تێدا دەبێتە قوربانی بە بێ ئەخلاق و بەد ڕەوشت دەڕوانن ئەو وڵاتانەی هەموو مافێکی ئافرەتیان دابین کردووە و بە بێشەرەف وەسفیان دەکەن، نازانم پێناسەی شەرەف چۆنە لە لای ئەو کەسانەی حەز بە چەوساندنەوەی ئافرەت دەکەن تۆ بڵێ وا بیربکەنەوە پاراستنی شەرەفیان بە زنجیر لەدەستدانی ئافرەت و بێبەش لەو مافانەی وەکو مرۆڤێکی ئاسایی داوای دەکەن، ئەگەر وابێت دەبێت چەند کاتی بوێت تا ئەو مرۆڤە بە بیرکردنەوەکانیدا بچێتەوە و ببێت بە کەسێك وەکو مرۆڤی ئاسایی بیربکاتەوە. شەرەف ئەوە نییە تۆ نەهێڵیت کچەکەت یاخود خوشکەکەت خۆشەویستی بکات، چونکە خۆشەویستی غەریزەیە هەموو مرۆڤێك مافی خۆیەتی خۆشەویستی بکات. شەرەف ئەوە نییە تۆ نەهێلێت کچەکەت هاوشانی پیاو کار بکات و لە زانکۆدا بخوێنێت. شەرەف کوشتنی ئافرەت نییە لەسەر خۆشەویستی یاخود بەپاساوی ئەوەی شەرەفی خۆت پاك بکەیتەوە ئافرەتێك بکەیتە قوربانی. تۆ ئەوکات هیچ شەرەفێکت نییە کە نەهێڵیت کچەکەت یاخود خوشکەکەت بخوێنێت یاخود کار بکات یان کەسێکی بەدڵی خۆی خۆشبوێت، چونکە خوێندن و کارکردن دڵسۆزییە بۆ کۆمەڵگا و نیشتیمانت، خۆشەویستی پاکبوونەوەی ڕوحی مرۆڤە لە ڕق و کینە، خۆشەویستی لێبوردنی گشتییە بۆ هەموو ئەو هەڵانەی لە ڕابردوودا مرۆڤەکان بەرامبەر بەیەکتری ئەنجامی دەدەن، تۆ ئەوکات بێشەرەفی کە ئافرەتێك دەکەیتە قوربانی لە پێناوی ئەوەی خۆشەویستی دەکات لە پێناوی ئەوەی لە زانکۆدا هاورێیەتی کوڕ دەکات، ئاخۆ چۆن شەرەف ڕێگە گرتنە لە کار و زانست و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆشەویستی؟ كەسی بەشەڕف ئەو كەسەیە، كە هەموو سیفاتێكی مرۆڤ بوونی تێدایە و ڕێگر نابێت بەرامبەر بە هیچ شتێك كە سوودی تاكە كەس و كۆمەڵكای هەبێت. تۆ ئافرەت لە ماڵەوە ئازاد بكە و مەبە بەربەست لەبەردەم داواكارییەكانی، تۆ ڕێگە بدە كچەكەت یان خوشكەكەت بەئارەزووی خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێت، ئەوكات دەبیت بە مرۆڤێكی شەڕەف پاك. من پرسیارێك لە هەموو ئەو پیاوانە دەكەم، كە ئافرەت لەسەر شەڕەف دەكوژن گوایە شەڕەفیان پاك دەبێتەوە؟ بۆ پیاو كاتێك لەگەڵ ئافرەتێكی سوزانی كاری سێكسی دەكات تا ئارەزووەكانی تەواو تێر دەبێت بێشەڕەف نییە، بەڵام ئافرەتێكی پەپولە تەنها لەسەر خۆشەویستییەك دەكوژرێت و لەپاش كوشتنەكەشی وازی لێناهێنن، تاوانی شەڕەفی دەخەنە پاڵ. جا من دەپرسم پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێكی سوزانی كاری سێكسی بكات بێشەڕەفە یاخود ئافرەتێك بەپاكانە خۆشەویستی بكات بێشەڕەفە؟ ئەگەر ئافرەتێك خۆشەویستی بكات كۆمەڵگا بەبێشەرەفی وەسف بكات و پیاوێكیش هەموو ڕۆژێك خۆی لە باوەشی ئافرەتێكدا ببینێتەوە بەشەڕەف بێت؟ كەواتا با حكومەت بڕیارێك دەربكات و بڵێت خۆشەویستی بۆ ئافرەت نەهاتووە، هەر ئافرەتێك خۆشەویستی بكات بێشەڕەفە و پیاوانیش بۆ پاك بوونەوەی شەڕەفیان دەبێت ئەو ئافرەتە بكەنە قوربانی و هەر پیاوێكیش لەسەر خۆشەویستی خوشكی یان كچی خۆی كوشت پیاوێكی بەشەڕەفە. كە ئەو بڕیارەش دەرچوو ئیتر ئێمەی ڕۆژنامەنووس و نووسەرانیش قسەی زل بۆ ئافرەتان ناكەین و كوشتنی ئافرەتانیش لە ڕۆژنامەكان باس ناكەین، چونكە ئێستا كوشتنی هەموو ئافرەتێك لەسەر شەرەفە.

Karzan_ma82@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.